# مهاباد

گۆڤاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی
ساڵی هەژدە، ژمارە 205، ساڵی 1397
ماهنامه اجتماعی، فرهنگی، ادبی
سال هجده، شماره 205، سال 1397


205

MAHABAD Social, Cultural & Literary Magazine No. 205 - 2018



# شەرەفخان بە مردنی خۆی نەمردووە، کوژراوە!

زامدار ئەحمەد




لە مێژووی کورددا مێژوونووسی زۆر کەم بەرچاو دەکەوێ کە ڕۆڵی گرینگیان هەبووبێ لە نووسینەوەی مێژوو و مێژووی کورد بەتایبەتی، هەرکات بخوازی لە بارەی مێژووی کورد زانیاری وەرگری و تۆژینەوە بکەی، جگە لە چەند کتێبێکی دیاریکراو و ژماردراو، چی تر بەردەست نییە. یەکێک لەو کتێبە گرینگ و پڕ بەهایانەی تایبەتن بە مێژووی کورد، کتێبی "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی (شەرەفخان شەمسەددین بەدلیسی "1543- 1603 و 1604)یە. شەرەفنامە، کتێبێکی مێژوویی گرینگە لە بارەی مێژووی کورد و ماڵە میرانی کوردستان، ئەو کتێبە ژمارەیەک باسی مێژوویی لە خۆ گرتووە، بۆ وێنە: (باسی فەرمانڕەوایانی دیاربەکر و جەزیرە، دینەوەر و شارەزوور، فەزلەوییە، ئەییووبی ... فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان و هەکاری و ئامێدی و جەزیرە و عەزیزان ... فەرمانڕەوایانی سۆران و بابان و دنیایەک باسی تر، دواجار بە وردی فەرمانڕەوایانی بەدلیس) خراوەتە ڕوو.

لە دوای دوو سەدە و نیو زیادتر، بۆ یەکەم جار ساڵی (1826) شەرەفنامە لە فەرەنسا چاپ و بڵاو کرایەوە، ئەمە دەروازەیەکی باش بوو بۆ مێژووی کورد. دواتر مەلا مەحموود بایەزید کورتە و پوختەیەکی بەرگی یەکەمی شەرەفنامەی شەرەفخانی پاچڤەکردە سەر زمانی کوردی، ئەو وەرگێڕانی مەلا مەحموود بایەزید سەرەتایەکی باش بوو بۆ بڵاوکردنەوەی مێژووی کورد و ناساندنی بەشێک لە بنەماڵە و میر و میرنشینە کوردییەکان، هاوکات خزمەتێکی گرینگی بە کتێبخانەی کوردی کرد.

لە ماوەی ژیانی کار و کردەوە نایاب و ناوازەکانی مامۆستا هەژار موکریانی بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕانی زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی، پاچڤەکردنی کتێبی مێژوویی "شەرەفنامە"یە، جیاوازیی ئەو وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار لەگەڵ مەلا مەحموود لەوەدایە، بایەزید تەنیا پوختە و خولاسەیەکی کتێبەکەی وەرگێڕاوە، وەلێ موکریانی تەنیا بەرگی یەکەمی کتێبەکەی هەڵداوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاوی کردووەتەوە. ئەو بەرگە وەرگێڕانکراوەی مامۆستا هەژار، کارێکی بەسەنگ و بەجێیە، بەڵام ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێ ئاخۆ بۆچی بەرگی دووەمی شەرەفنامەی وەرگێڕاوە، دەبێ ئاگاداری نەبووبێ، یا دەرفەتی وەرگێڕانی نەبووە و تەمەن باقی نەبووە، تا هێز و توانای لێ خەرج بکا؟ دواجار بە هەموو شێوەیەک کارێکی باش و گرینگی کردووە، کوردێکی زۆری بەو مێژووە ئاشنا کردووە.

ساڵی (2007) سەلاحەددین ئاشتی نووسەر و وەرگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - مەهاباد، بە هەمان ڕێبازی مامۆستا هەژار، بە لەبەرچاو گرتنی هەمان شێوازی کورداندنی هەژار موکریانی بەرگی دووەمی کتێبی "شەرەفنامە"ی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەو وەرگێڕە مەهابادییە لە دیدارێکدا، دەڵێ: "لە دوای ماوەیەک لە وەرگێڕانی بەرگی دووەمی شەرەفنامە، بنکەی ژین تینی بۆ هێنام کە دەبێ بەرگی یەکەمیش وەرگێڕم"، بۆیە ئەو بەرگەشم وەرگێڕا و "شەرەفنامە" بۆوە یەکدەست. هەڵبەتە ژمارەیەک هەڵە و زانیاری نادروستی "زێرنۆف" ڕاست کراونەتەوە و چەندان




پەراوێز و ڕوونکردنەوەی نوێی بۆ دانراوە.

ساڵی (2017) هەر دوو بەرگی شەرەفنامە بە وەرگێڕانی "سەلاحەددین ئاشتی" لە لایەن "بنکەی ژین"ەوە بە دیزاین و چاپێکی جوان بڵاو کرایەوە و بۆ یەکەم جار ئەم کتێبە بە تەواوی خرایە بەردەستی خوێنەران و تۆژەران و ئاشقان و شەیدایانی مێژوو و مێژووی کورد. جیاوازیی ئەم وەرگێڕان و چاپە، تەنیا لەوەدا نییە بۆ یەکەم جار تەواوی شەرەفنامە بە کوردی بڵاو کراوەتەوە، بەڵکوو پێوەندی بە بوونی ژمارەیەک زانیاری نوێیە لەمەڕ شەرەفخانی بەدلیسی خۆی و دانانی ژمارەیەک دەستنووسی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عوسمانییەکانە کە باسەکەی دەوڵەمەندتر کردووە.

ئەوەی ئەم کتێبەی زیادتر سەنگین‌تر کردووە، بابەتی نەمانی شەرەفخانە، ئەوەی تا ئێستە لای خوێنەران و نووسەران ئاشکرایە، نەمانی شەرەفخان پێوەندی بە کۆتایی تەمەن و مردنی ئاسایی‌یەوە هەیە، وەلێ لەم وەرگێڕانە نوێیەدا، مردنی شەرەفخان ڕەت دەکرێتەوە و بەڵگەی کوژرانی دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران، ئەویش بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دوو نووسەر و تۆژەری کورد ئەوانیش "ڤورال گەنچ" و "مستەفا دێهقان"ە، لە ژێر ڕۆشنایی ژمارەیەک بەڵگەنامەی نووسراو ئەم ڕووداوەیان سەلماندووە.

سەلاحەددین ئاشتی لە کتێبەکەی‌دا ڕوونی دەکاتەوە کە "ڕووداوی کوژرانی شەرەفخانی بەدلیسی بە ئاگاداری سوڵتانی عوسمانی بووە و زۆریش وێدەچێ خۆی فەرمانی کوشتنی دابێ." ئەم قسانەی ئاشتی پشتئەستوورە بە چوار دەستنووسی دەوڵەتی عوسمانی سەردەمی سوڵتان محەممەد، لەو چوار نامەی محەممەدخان، باسی شەرەفخان کراوە و هەر چوار جار ناوی شەرەفخان بە کوژراو هاتووە و بە دوای ماڵ و سامانی زۆر و زەوەندی شەرەفخانەوەن و دەخوازن بیدۆزنەوە. بەڵگەنامە و دەستنووسە عوسمانییەکان ڕوونیان کردووەتەوە کە کوژرانی شەرەفخان یەکلا کراوەتەوە و دەرفەتی گفت‌وگۆی نەهێشتووەتەوە.

"زیا شەرەفخان"، نەوەی شەرەفخانی بەدلیسی ساڵی (1973) دەستنووسێکی لەبارەی مردنی شەرەفخانەوە نووسیوە، تێی‌دا دەڵێ: خوا لێ خۆشبوو، شەرەفخانی پێنجەم، ساڵی (1543) لە دایک بووە و ساڵی (1603 و 1604) کۆچی دوایی کردووە. لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم دەستنووسانە، پرسیاری ڕژد ئەوەیە ساڵی مردنی شەرەفخان هەمان ئەو ساڵەیە کە زیا باسی لێوە کردووە، یا لە دوای یەکلاکردنەوەی کوژرانی شەرەفخان، ساڵی مردنەکەشی گۆڕانکاری بەسەر دادێ؟ بۆ ئەمەش پێویستمان بە بەڵگەنامە و دەستنووسی نوێی هاوسەردەمی شەرەفخانە.

لە دوای 400 ساڵ زیادتر، دەرکەوتووە شەرەفخان نەمردووە، بەڵکو لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە فەرمانی کوشتنی دراوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوەی لە مێژوو ڕوو دەدا، یەک لە هەزاری ڕووداوەکانی نێو مێژوویە، بەشێکی زۆر کەم لە مێژوو تۆمار و ئەرشیڤ دەکرێ، دەکرێ بڵێین ئەم قسە باوەی لە بارەی مێژووەوە هەیە، جێی باوەڕە کە دەڵێ: "مێژوو، وەک سووتانی ئاگرە، بەشێکی زۆری لەنێو دەچێ، تەنیا ژیلەمۆکەی دەمێنێتەوە."

## شەڕەفخان بە مردنی خۆی نەمردووە، کوژراوە![1]

زامدار ئەحمەد

لەنێو مێژووی کورددا، مێژوونووسی زۆر کەم بەرچاو دەکەوێ، کە دەور و ڕۆڵی گرینگیان هەبووبێ لە نووسینەوەی مێژوو و مێژووی کورد بەتایبەتی، هەرکات بخوازێ دەربارەی مێژووی کورد زانیاری وەرگری و توێژینەوە و ڕیسێرچ بکەیت، جگە لە چەند کتێبێکی دیاریکراو و ژماردراو، چیدیکە بەردەست نییە. یەکێک لەو کتێبە گرنگ و پڕ بەهایانەی تایبەتن بە مێژووی کورد، کتێبی "شەرەفنامە"ی شەڕەفخانی بەدلیسی (شەڕەفخان شەمسەدین بەدلیسی "١٥٤٣- ١٦٠٣ و ١٦٠٤ز)یە. شەرەفنامە، کتێبێکی مێژوویی گرنگە لەبارەی مێژووی کورد و ماڵە میرانی کوردستان، ئەو کتێبە ژمارەیەک باسی مێژوویی لەخۆگرتووە، بۆ وێنە: (باسی فەرمانڕەوایانی دیاربەکر و جەزیرە، دینەوەر و شارەزوور، فەزلەوییە، ئەییوبی.. فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان و هەکاری و ئامێدی و جەزیرە و عەزیزان.. فەرمانڕەوایانی سۆران و بابان و دونیایەک باسی دیکە، دواجار بە وردی فەرمانڕەوایانی بەدلیس) خراوەتەڕوو.

لەدوای دوو سەدە و نیو زیاتر، بۆ یەکەمجار ساڵی (١٨٢٦) شەرەفنامە لە فەرەنسا چاپ و بڵاوکرایەوە، ئەمە دەروازەیەکی باش بوو، بۆ مێژووی کورد. دواتر مەلا مەحموودی بایەزید، کورتە و پوختەیەکی بەرگی یەکەمی شەرەفنامەی شەرەفخانی پاچڤەکردە سەر زمانی کوردی، ئەو تەرجەمەی مەلا مەحموودی بایەزید، سەرەتایەکی باش بوو، بۆ بڵاوکردنەوەی مێژووی کورد و ناساندنی بەشێک لە بنەماڵە و میر و میرنشینە کوردییەکان، هاوکات خزمەتێکی گرنگی بە کتێبخانەی کوردی کرد.

لەماوەی ژیانی کاروکردەوە نایاب و ناوازەکانی مامۆستا هەژار موکریانی بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕانی زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی، پاچڤەکردەی کتێبی مێژوویی "شەرەفنامە"یە، جیاوازی ئەو تەرجەمەی مامۆستا هەژار لەگەڵ مەلا مەحموود لەوەدایە، بایەزیدی تەنیا پوختە و خولاسەیەکی کتێبەکەی وەرگێڕاوە، وەلێ موکریانی تەنیا بەرگی یەکەمی کتێبەکەی هەڵداوتە سەر زمانی کوردی و بڵاوی کردۆتەوە. ئەو بەرگە تەرجەمەکراوی مامۆستا هەژار، کارێکی بەسەنگ و بەجێیە، وەلێ ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێ ئاخۆ بۆچی بەرگی دووەمی شەرەفنامەی تەرجەمە نەکردووە؟ دەبێ ئاگاداری نەبووبێ؟ یا دەرفەتی تەرجەمەکردنی نەبووە و تەمەن یاروباقی نەبووە، تا هێز و توانای لێ خەرج بکات. دواجار، بەهەموو شێوەیەک کارێکی باش و گرنگی کردووە، کوردێکی زۆری بەو مێژووە ئاشنا کردووە.

ساڵی (٢٠٠٧) سەلاحەددین ئاشتی نووسەر و وەرگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان-مهاباد، بەهەمان ڕێبازی مامۆستا هەژار، بە لەبەرچاو گرتنی هەمان شێوازی کوردادنی هەژار موکریانی بەرگی دووەمی کتێبی "شەرەفنامە"ی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەو وەرگێڕە مهابادییە لە دیدارێکدا، دەڵێ: "لەدوای ماوەیەک لە تەرجەمەکردنی بەرگی دووەمی شەرەفنامە، بنکەی ژین، تینی بۆ هێنام کە دەبێ بەرگی یەکەمیش وەرگێڕم"، بەخاترئەوە، ئەو بەرگەشم تەرجەمەکرد و "شەرەفنامە" بووە یەک دەست. ئەڵبەتە، ژمارەیەک هەڵە و زانیاری نادروستی "زێرنۆف" ڕاستکراوەتەوە و چەندین پەراوێز و ڕوونکردنەوەی نوێی بۆ دانراوە.

---

(١) ئەم وتارە لە لاپەڕە ٤ و ٥ی گۆڤاری مەهاباد (گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی)، ساڵی ١٨، ژمارە ٢٠٥، ساڵی ١٣٩٧ (٢٠١٨) بڵاوکراوەتەوە.

ساڵی (٢٠١٧) هەردوو بەرگی شەرەفنامە بە تەرجەمەی "سەلاحەددین ئاشتی" لەلایەن "بنکەی ژین"ەوە بە دیزاین و چاپێکی جوان بڵاوکرایەوە و بۆ یەکەمجار ئەم کتێبە بە تەواوی خرایە بەردەستی خوێنەران و توێژەران و ئاشقان و شەیدایانی مێژوو و مێژووی کورد.
جیاوازی ئەم وەرگێڕان و چاپە، تەنیا لەوەدانییە کە بۆ یەکەمجار تەواوی شەرەفنامە بە کوردی بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەبوونی ژمارەیەک زانیاری نوێیە لەمەڕ خودی شەرەفخانی بەدلیسی و دانانی ژمارەیەک دەستنووسی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عوسمانییەکانە، کە باسەکەی دەوڵەمەندتر کردووە.
ئەوەی ئەم کتێبەی زیاتر سەنگینتر کردووە، بابەتی نەمانی شەرەفخانە، ئەوەی تا ئێستا لای خوێنەران و نووسەران ئاشکرایە، نەمانی شەرەفخان پەیوەندی بە کۆتایی تەمەن و مردنی ئاساییەوە هەیە، وەلێ لەم تەرجەمە نوێیەدا، مردنی شەرەفخان ڕەتدەکرێتەوە و بەڵگەی کوژرانی شەرەفخان دەخرێتە بەر دیدی خوێنەران، ئەویش بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی دوو نووسەر و توێژەری کورد ئەوانیش " ڤورال گەنچ و مستەفا دێهقان"ە، لەژێر ڕۆشنایی ژمارەیەک بەڵگەنامەی نووسراو ئەم ڕووداوەیان سەلماندووە.
سەلاحەددین ئاشتی لە کتێبەکەیدا ڕونیدەکاتەوە و دەڵێ: "ڕووداوی کوژرانی شەرەفخانی بەدلیسی بە ئاگاداری سوڵتانی عوسمانی بووە و زۆریش وێدەچێ خۆی فەرمانی کوژرانی دابێ". ئەم قسانەی ئاشتی پشت ئەستوورە بە چوار دەستنووسی دەوڵەتی عوسمانی سەردەمی سوڵتان محەممەدەوە، لەو چوار نامەی محەممەد خان، باسی شەرەفخان کراوە و هەر چوار جار ناوی شەرەفخان بە کوژراو هاتووە و بەدوای ماڵ و سامانی زۆر و زەوەندی شەرەفخانەوەن و دەخوازن بیدۆزنەوە. بەڵگەنامە و دەستنووسە عوسمانییەکان ڕوونیان کردۆتەوە، کە کوژرانی شەرەفخان یەکلای کراوەتەوە و دەرفەتی گفتوگۆی نەهێشتۆتەوە.
زیا شەرەفخان، نەوەی شەرەفخانی بەدلیسی، ساڵی (١٩٧٣) دەستنووسێکی لەبارەی مردنی شەرەفخانەوە نووسیوە، تێیدا دەڵێ: خوالێخۆشبوو، شەرەفخانی پێنجەم، ساڵی (١٥٤٣) لەدایک بووە و ساڵی (١٦٠٣ و ١٦٠٤) کۆچی دوایی کردووە. لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم دەستنووسانە، پرسیاری جددی ئەوەیە، ساڵی مردنی شەرەفخان هەمان ئەو ساڵەیە، کە زیا باسی لێوەکردووە، یا لەدوای یەکلایی کردنەوە کوژرانی شەرەفخان، ساڵی مردنەکەشی گۆڕانکاری بەسەر دادێ، یا نا؟ بۆئەمەش پێویستمان بە بەڵگەنامە و دەستنووسی نوێی هاوسەردەمی شەرەفخانە.
لەدوای چوار سەد ساڵ زیاتر، دەرکەوتووە شەرەفخان نەمردووە، بەڵکو لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە فرمانی کوژرانی دراوە لە ژیاندا نەماوە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، ئەوەی لە مێژوو ڕوودەدا، یەک لە هەزاری ڕووداوەکانی نێو مێژووەوە، بەشێکی زۆر کەم لە مێژوو تۆماردەکرێ و ئەرشیف دەکرێ، دەکرێ بڵێین ئەم قسە باوەی لەبارەی مێژووەوە هەیە، جێگەی باوەڕە، کاتێک دەڵێن: "مێژوو، وەک سووتانی ئاگرە، بەشێکی زۆری لەنێو دەچێ، تەنیا ژیلەمۆکەی دەمێنێتەوە".